دەزی فەلسەفە2: فەلسەفە دژبە گەوجانـــــدن (گەمژانـــــدن) دەجەنگێت.. ئازاد حەمە

فەلسەفە بە گەمژەکان لاوازدەبێت؟ ئەبەتە نا. (نا)، چونکە گەمژەکان نامەن بە فەلسەفە. فەلسەفە، کە لەوانلەوە لە ئاوەز(عەقڵ) لەتەک گەمژەکان یەکناگرێتەوە. گەمژەکان شادن بە نەمانی فەلسەفە، لە نەمانی فەلسەفە بە نەمانی گەمژەوە، بە نەمانی پرسیارەوە گرێدراوە. پێنجا ساڵ لەمەوبەر ژیل دولەز Deleuzeی گەورە بیرمەندی فەڕەنسی، پێیوابوو،"فەلسەفەیەک کە زیان بە گەمژەیی نەگەیەنێت و شەرمەزاری نەکات، فەلسەفە نییە". فەلسەفەی ڕاستەقینە لەوەوە دەستپێدەکات، کە دژ بە گەمژەیی(گەوجیی) Stupidityبجەنگێت. سەرەتا با پێناسەی گەمژەیی بکەین. گەمژە(گەوج)Stupidکێیە؟ گەمژە تاکەکی کەمەگەیە و مرۆڤایەتیش بەدەرنییە لە دیاردەی گەمژەیی.گەمژە یان گەوج کەسێکی ناهەشیارە، بەهەستە، کەشەی زیرەکیی هەیە، توانای تێگەیشتنی خراپە و دەشێت ئەم گەمژەییەی(گەوجییەی)زگماکیی بێت. کەواتە گەمژە کردار و گووتنی دوورە لە ئاوەزەوە، لەبەرئەوە توانای ئارگیومێنتهێنانەوەی نییە بە کردارە نابەجێکانی دەرک بکەوە ناکات سودی بە ئەویتر نییە و سودی خۆشی لامەبەست نییە. گەمژە توانای خۆکێنتڕۆڵکردن و خۆکۆکردنەوەی نییە، زەدەڕەییدەکات لە ڕەفتارەکانی و کەشەی سەرنجدانیشی هەیە.

ڕاستە سروشتی فەلسەفە دژ بە گەمژەییە، بەڵام خودی چییەتیی گەمژەبوون پرسیارێکی دەرینی فەلسەفییە. فەلسەفە هەردەم تێکەشاوە لە گەمژەیی(گەوجیی) نزیکببێتەوە تا ناواخنەکەی بناسێنێت. لەناو فەلسەفەدا شتێک هەیە،کە خودی گەمژەیی هەرگیز نییەتی، ئەویش دانایی(حیکمەت Wisdom). داناکان بلیمەتن،بەس گەمژەکان گەوجن(گەلن). کەشەکە لە گەمژەییدا هەرئەوە نییە، کە کەسی گەمژە دەبەنگ و گەلە و هەڵگری توخمی ژیریی نییە.کەشەکە ئەوەشە،کە گەمژەکان بیر و دەگما ڕەقن.هەروەها فەیلەسوفەکان، کە نەیاری ڕاستەقینەی گەمژەکانن، لەبەرئەوەیە، کە گەمژەیی داهێنانی هزریی تیانییە و لەگەڵ بلیمەتییدا یەکناگرێتەوە.

گەمژە نە ئەرکی هەیە نە هەڵوەستوەردەگرێت، لەناو پێوەندیە کەمایەتییەکانیشدا وادەردەکەوێت ڕەفتار ناهاوسەنگ و نالەهاتووە

لە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە، بەتوانایە لە شیکاریی و لێکۆڵینەوە کەوابێت، گەلان بەدوای دانایی گەڕەکان هیچ ناخاتەسەر خەرمانەی خودی دانایینەوە. هەندێک لە تۆڕەران بە ئەوەدەچن، گەڕەیی و نەزانی هەمان شت نیین. وەڵامیئەوە، ئەو تۆڕینەوانەش، کە پێداگیریدەکەن لەسەر ئەوەی گەڕەکشەی پەروەردەیی هەیە بە ئەوەدەچن، کە گەڕەکان شایانی هاوکارین. تا پەروەردەش بەتەخواوەو گەڕەیی پتر چرکەکات.

بەکاربردنی فەلسەفە وەک دژە ژەهری گەڕەیی چارەسەر؛ چارەسەر بە ڕزگاربوون لە نەزانییەک کە دووچاریی گەوجاندنمان(گەڕەندنمان) دەکات. بەڵام بەکاربردنی زانینیی فەلسەفیی کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی گەڕەیی دادەنێت. فەلسەفە وەک گەڕەیی نییە لە مامۆستای لێگەڕانیایی و تێوانینە پشوختەکان. تێوانینە پشوختە و حوکمە ڕەهاکانمان بە گەڕەکان جێگای باس نییە. هەرچی فەلسەفەیە جوانییەکەی لەوەدایە ئەوە هەڕەوشەنتەوە یەقین و دڵنیاییمان تیادروستدەکات. ئەم هەڕەوشاندنەوەیە پێویستە بە تێگەیشتن لەوەی دەیزانین یان فێربووینە.

لەناو گەڕەیدا تاریکیەک هەیە و ناسنامەی گەڕە تەمومژاویە، ئاسمانی سەری گەڕە هەورە، بە خەڕە. ئەوەی گەڕە گەیدەکات بەمانا و ناوونە. کردار و گوتنی زمانەوانیی گەڕە، کە پەکەند و کەسپە هەڕەقۆاوی تەنگەیشتن و نەزانینە و کوانووی هیچ دید و تێوانینکیش نییە. لەمسەنگەیەوە دەڵێن: گەڕە بەتوانایە لە دەرکپێکردن و بەکاربردنی زمان. هەربەیە کەشەی گوزارەکردنی هەیە و توانای دەرئەنجامدان و گومانیشی نییە. زەربەمان زەرجار بەزییمان بە گەڕەکان دەتەوە، چونکە دڵنیایین، ئەوەی دەیکەن و دەیڵێن بەئاگایانە ئەنجامدراوە. دەشزانیین گوتنی گەڕە ناواخن بەهەست و بەسەزە. گەر وابێت گەڕەکان ڕەفتاری ناڕەوشتی ئەنجامنادەن. بەمجۆرە بەمان نییە بە گەڕە بڵێین بەڕەوشت. سەرئەنجام، کەشەی ذهنی لە گەڕە نابەتەوە، ئەمەش وادەکات نە زانین تێبگات و نە زانین بخوەقێنێت.

لە گەڕەییدا بیری باو و شێوازی بیرکردنەوەی کەنەپەرستانە زاڵە. بنەماکانی هزریی فەلسەفییش لەگەڕە تێگەیشتنی گەوجانە(گەڕانە)دا یەکناگرێتەوە. ئەمەش بەهەکاری ئەوەی شتگەلێکی ناعەقڵانی و دابەنگانەیە. مەبەست، ئەو گەڕە عەقڵە بەپێی پێویست ناخاتەگەڕە، هیچ پێوەندیکیشی بە لۆجیکەوە نییە. لۆجیک سەروی گەڕەییە. چونکە کەسی گەڕە(گەوج) ماتوانێت بەچوون و دیدگای لۆجیکی هەبێت.

سەرباری ئەوەی لایسەرەوە گووترا، فەلسەفەکردن چرکەی هەشیارییە،

کەسی فەلسەفەکار وریا و بەئاگایە؛ کاری تەئامان و ڕەخنەسازییە. گەمژە هیچشتێک گرینادات‌وە بە تەئامان و قوبیرکردنەوە. هاوکات گەمژە کەسێکی کەمترخەم و بێباکە. ئەوی دیاریت بەرهەمی بینین و ئەندێشەسازیی نییە. گەمژەکان(گەوجەکان)کە قسەدەکەن وایدەچن ئەوەی ئەوان دەیڵێن سەنگی مەحەکە و سەرچاوەی فەربوونە. کێشەکە لەوەدایە، لەناو گووتنی گەمژەدا فەربوون و پەروردە بوونی نییە.
فەلسەفە تەقەلایە بە دەربازبوون لە وێنە و سادەیی لە بیرکردنەوە. گەمژەکان(گەوجەکان)نووقمی سادەیی و ڕووکەشیین؛ لە سەربەخۆیی عەقڵ تێناگەن و ناشتوانن ڕووبەڕووی بیرکردنەوە نەریتیی و کۆنەپارێزەکان ببنەوە. ئەوەی گەمژەکان دەیڵێن گووتنی سەرپێی و قسەی سواو و گووتنی باوی ناوخۆکە. کەواتە گووتنی گەمژەکان هیچناخاتەسەر ئەندێشەمان و بۆنی دانایی بەهیچ جۆرێک لێنایەت.
فەلسەفە هەگا لەبەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەکاتەوە. لەناو گەمژەییدا ئەمە بوونی نییە. شتێکی ڕوونە، کە فەلسەفە دژ بە زانیاریی و تێگەیشتنی ڕووکەش و ناقوڵە. واتە فەلسەفە، کە دانایی، ئەو دانایییە پێکهاتەیەکی قوڵ و بەرینی هەیە. جگەلەوە، فەلسەفە گریمانەکان دەخاتە ژێرپرسیارەوە و گومانیشیانلێدەکات. بە فەلسەفە پرسیارسازیی و گومانکاریی گرنگیی خێی هەیە، هەرچی گەمژەییە نە پێیوانەدی بە پرسارسازییەوە هەیە، نە بە گومانکارییەوە.
سەرباری ئەوە، فەلسەفە زانیاریی بەهاوکردنەوە نییە، بەڵکو دانایی دانە؛ لەوەش بگەڕێتەوە فەلسەفە زانین دەدات نەک زانیاریی ڕووکەش و سەرپێی. ئەو سادەخوازیی و ڕووکەشییەی گەمژەکان کاریپێدەکەن دوژمنیی پرسەی بێوناکبیرکردن و گەشەی ئەدەب و هونەریشە. لەژێرسایەی گەمژەیەتیی ئەدەب و هونەر نابن بە کردەیەک لە زانین و داهێنان.

ئەم بابەتە درێژەی هەیە.....

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

پۆپۆلیزمی قەیرانساز.. جوتیار مەلا ئەحمەد ئوف

ئەوجۆری گوتارەی لەو ماوەیەدا لەلایەن شاسوارەبدولواحید و وتەبێژەکەیی و میدیا و نوسەرو رۆژنامەنوسەکانیان و هەندێک لایەنی تری بە ناو ئۆپۆزیسیۆن وەهەتا بەشێک لە سەرکردەکانی یەکیەتی و پاڤە تاڤانیش پشکەش دەکرێت، زیاتر لەوەی هەڵگری بەرنامە و دیدگایەکی سیاسیی بەرپرسانە بێت، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ترس، دڵەڕاوکێ و گومان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا، کاتێک ناکۆکییەکی حزبی یان گفتوگۆیەکی سیاسی بە «مەترسیی لەناوچوونی قەوارەی هەرێم» دەفرۆشرێتەوە بە خەڵک، ئەوە ناجێتە ناو چوارچێوەی هەشداریەکی نیشتمانی؛ بەڵکوو بازرگانی کردنێکی ڕوونە بە نیگەرانی و هەستی خەڵک و کۆمەڵگا، قەوارەی هەرێمی کوردستان موڵکی هیچ حزب و سەرکردەیەک نییە، تا مانەوە یان لەناوچوونی بە جۆبەجێکردنی داواکاریەکانەوە بەستراو بێت، قەوارەی هەرێم بە خوێن، قوربانی، ئاپۆیین و خەباتی چەندین نەوە لە خەڵکی کوردستان دروست بووە؛ نە بە میکرۆفۆنی حزبێک و نە بە شانەی میدیایی کەسێک، هیچ سەرکردەیەک مافی ئەوەی نییە ئەو مژوو و قوربانیانە بکاتە کارتێکی فشار و هەر جارێک کە داواکارییەکانی جێبەجێ نەکران، هەڕەشەی لەناوچوونی هەرێم بخاتەوە بەردەم خەڵک.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخدا، ئەو جۆرە ڕەفتارە بە وە) کە Crisis-performing populism(«پۆپۆلیزمی قەیرانساز» ناسێنراوە، کە کاراکتەری سیاسی ناکۆکییەکی ئاسایی چارەسەرهەڵگر بە شێوەیکی قەیرانساوی، قوڕ و ڕیشەیی پیشانی خەڵکو کۆمەڵگا دەدات، مەترسیەکە بە هیچ هۆکارێک گەورە دەکاتەوە، خەڵک دەترسێنێت و پاشان خۆی وەک تاکە ڕزگارکەر و چارەسەر دەخاتەڕوو.

ئەوەی لە هەندێک گوتاری سیاسیی ئێستای کوردستاندا دەبینرێت، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان شێوازە، هەر ناکۆکییەکی حزبی بە قەیرانێکی نیشتمانی ناودەبرێت، هەر داواکارییەکی حزبی وەک مەرجی مانەوەی هەرێم پیشان دەدرێت و هەر ڕەتکردنەوەیەکیش بە هەڕەشەیەک بە چارەنووسی کۆمەڵگا هەژمار دەکرێت، ئەوە سیاسەتکردنێکی بەرپرسیارانە نییە؛ بەڵکو ئەدای بەرهەمهێنانی قەیرانە، هەودانە بە ئەوەی خەڵک لە ژێر فشاری ترسدا مل بە داواکاریی سیاسی بدەن و بە بەرنامەیی و شکستی حزبی بە قەیرانێکی نیشتمانی دابپشرێت.

ئەگەر هەر بزوتنەوەیەک، حیزبێک، سیاسیەک، یاخود پەرلەمانتارێک بەڵگەی یاسایی، دەستوری یان نەبوونەتیان هەیە کە نیشان بدات قەوارەی هەرێم لە مەترسیدایە، دەبێت بەڵگەکانیان بۆ ڕوونی و بۆ شەوەیەکی فەرمی بخرێنە بەردەم ئای گشتی، بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە و تەنها بانگەشەی بکەرێک وبۆ ناوەرۆکێ، کە تەنها وەکوو هەڕەشەی ناڕوون و سیناریۆی ترسناک بەکار دەهێنرێت، ئەوا ئەم گوتارە هیچ ناوەک و هەشدارێک هەڵناگرێت؛ بەڵکوو تەواو پێچەوانەکی قەیرانسازو و بۆ بەرپرسیارانەیە لە بەرامبەر ژیان و هەستی خەڵکدا.

خەڵکی کوردستان هیچیتر توانای ئەوەیان نەماوە هەر ڕۆژەو کەسێک بە ناوی ڕزگارکردنیانەوە بێتە بەردەم مایکەکان و بە ئارەزوی مزاجی سیاسی خۆیەوە بیانترسێنێت، خەڵک بەزار بوون لەوەی بازرگانە سیاسیەکان بەجێی بەرنامە، هەڕەشە پشکۆش بکەن و بەجێی چارەسەر، قەیران دروست بکەن؛ بەجێی بەڵگە، بە هەست و نیگەرانیی خەڵک یاری بکەن.

خەڵک لە دروشمی بەتاڵ و شانۆی میدیایی بەزار بوون، ئەوان دەزانن پێچەوانەیزم هیچ نەخۆشخانەیەک دروست ناکات، هیچ قوتابخانەیەک چاک ناکات، مووچە دابین ناکات، بێکاری چارەسەر ناکات و هیچ گەنجێک لە کێچکردن ناگەڕێنێتەوە.

پێچەوانەیزم تەنها دەنگ بەرز دەکاتەوە، بەڵام دەستی بە چارەسەر ناگات. تەنها قەیران دەفرۆشێت، بەڵام هیچ بەرنامەیەک بە دەرچوون لە قەیران پێشکەش ناکات. بەرهەمی ئەم جۆرە گوتارە زیاترکردنی ترس، دابەشبوون، بێهیوایی و لاوازکردنی متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکانە.

خەڵکی کوردستان پێویستیان بە پێچەوانەیزمی بێکەڵک نییە، پێویستیان بە دادوەرییەکی سەربەخۆ، دەسەڵاتێکی دادخواز، حکومەتێکی بەرپرسیار، پەرلەمانێکی کارا و یاسایەکی یەکسان هەیە، خەڵک خزمەتگوزاری، مووچە، ئاسایش، دادپەروەری و ژیانێکی شایستەیان دەوێت؛ نە بازرگانێک یان سیاسیەک کە خەی وەک تەنها ڕزگارکەر پیشان بدات و هەر شتێک کە دژی ئەو بوو بە هەڕەشە بە سەر نیشتمان و ئاسایشی نەتەوە ناوزەد بکات.

کەسێک کە هەموو ناکۆکیەکی حیزبی و دەستەبات بە «کۆتایی قەوارەی هەرێم » دەفرۆشتەوە بە کۆمەڵگا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێت قەوارەی هەرێم بپارێزێت؛ بەڵکوو متمانەی خەڵک بە مەبەست بە قەوارە و دامەزراوەکانی لاواز دەکات.

ئەوەی بەڕاستی قەوارەی هەرێم دەخاتە مەترسییەوە، هەڵکردنەوەی داواکاریی حزبێک نییە؛ بەڵکوو ناکارایی دامەزراوەکان، لاوازیی

دادوەری، نەبوونی شەفافیەت، دواخستنی پرۆسەی سیاسی، دەستوەردانی حزبی و بەکارهێنانی دەزگا گشتی و ئەمنیەکانە بۆ مەلەلانێی سیاسیی.
بۆ راستی پشتیوانی ئەو ئەرکی داواکاریی گشتیی بۆت ئەگەر هەبێت، دەبێت ئەرکی خەڵکی کوردستان بۆت ئەگەر شتێک بۆناوی هەڵوەست هەبێت ، دەبێت داوای دەستە و کەکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ، میدیای سەربەخۆ، کەکخراوە مەدەنیەکان و هەموو لایەنە بەرپرسیارەکان بۆت کە بەبۆ دواخستن لەو بانگەشانە بکەنەوە و بیانکەن بە ئای گشتی ئازادیی ئادەربڕین مافێکی بنەڕەتییە بۆ هەر ئینسان و گروپێک، بەڵام ئەو مافە شتێک نییە لە بەرپرسیاری جیا بێت، کاتێک سیاسەک، بازرگانێک، نوێنەرایەتیەک و قسەکەرێک بۆ ناوی قسوارە، نیشتمان و چارەنووسی خەڵک قسە دەکات، دەبێت بەگەڵ، دەلایل و وەڵامی ووونی هەبێت.
نابێت ئازادیی ئادەربڕین بکرێتە پەناگەیەک بۆ بەاوکردنەوەی ترس و دڕاوکێ لە ناو کۆمەڵگادا، بکرێتە دەنگۆ و هەڵەشە و قسەی بێ بەڵگە، هەر کەسێک قەیران دەفرێشێت، دەبێت لەبەردەم پرسیار و لێپرسینەوەشدا وەڵام بداتەوە.
میدیای بەرپرسیاریش نابێت بەبۆ پرسیار و پشتاستکردنەوە، ببێتە بەاوکەرەوەی هەر گوتار و بانگەشەیەکی حزبی، ئەرکی میدیا گواستنەوەی ترس نییە؛ ئەرکی میدیا پشکنینی بەگەڵ، دروستکردنی لێپرسینەوە و پاراستنی مافی خەڵک بۆ زانینی ڕاستییە. ووبەووبوونەوە لەگەڵ پەپلیزمی قەیرانساز بۆ هەڵەشە یان تۆندوتیژی نابێت، وەڵامی ئەو جۆرە لە پەپلیزم وەڵامەکە بۆ یاسا، بەگەڵ، لێپرسینەوە، میدیای پیشەیی و ووبەووبوونەوە بۆ هەڵوەستی سیاسیی بۆ سازش.
ئەو پەیامە دەبێت زۆر ووون بێت، خەڵکی کوردستان چیتر بۆ ترساندن بەدەوناچن، خەڵک لە گوتاری بۆ بەرنامە، بۆ کردار و شانۆی میدیایی و پەپلیزمی بکەڵک بزار بوون، خەڵک پشتیوانیان بۆ سیاسی و بازرگان و نوسەرو ئەکادیمیستو پڕڵەمانتاری قەیرانساز نییە؛ پشتیوانیان بۆ دادوەر، دامەزراوە و دەسەڵاتێکی دادخواز هەیە، پشتیوانیان بۆ سەرکردەیەک نییە کە بەردەوام خەڵک بترسێنێت و خۆی وەک تەنها ڕزگارکەر پیشان بدات؛ پشتیوانیان بۆ بەرنامە، بەرپرسیاری و یاسا هەیە، قەوارەی هەرەم بۆ هەڵەشە، دەنگۆ و ئەدای قەیران ناپارێزرێت؛ بۆ دادپەروەری، دامەزراوە، شەفافیەت و ئیرادەی ئازادی خەڵک دەپارێزرێت.

هەمەتی دژی چەکداری و گەندەڵی!.. عوسمانی حاجی مارف

بە ئامانجگرتنی دەوڵەتانی کەنداو لەلایەن کوتلەکانی سەر بە ئێران لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق شتێکی نوێ نییە، ئەم هێرشکخراوانە کە لەلایەن ئەمریکاوە وەک گروپێی تیرۆریستی دەستنیشانکراون و داوای هەوشانوێیان دەکات، لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی لەگەڵ ئێران، بەردەوامن لە هەڕەشەدانی موشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەرەو نیمچە دوورگەی عەرەبێی. هەروەها هێرشکانیان ساڵانەکە کارەندانی سەربازی و دیپلۆماسی ئەمریکیان لە عێراق کردەتە ئامانج.

هێرشکانی حەشدی شەعبی بە سەر کەنداو، ئەزمونەکی گەورەی دەوری عەلی زێیدی دەبێت لە هەوەڵدانی بە سنوردارکردنیان، وەک ئامی پشوختەی بەغدا ئاشکرای دەکات، کە ئایا حکومەتەکەی زێیدی ئەتوانێ هەنگاوەکی نوێی بە حکومرانی لە بەغدا دابڕێژێت، یان درێژە بە سیاسەتی هەورکردنەوە و بڵایەنی خێی ئەدات بەرامبەر بە کوتلە لایەنگرەکانی ئێران.

واشنتەن وەها مامەڵە دەکات کە گشبینێ بە حکومەتی نوێی زێیدی، لەلایەکی تروە پەدچێت تارانیش هەمان جۆش و خرۆشی هەبێت. مەسعوود پزەشکیان هیوای ئەوەی دەربڕی کە حکومەتی زێیدی "قۆناغێکی نوێی هاوکاری ستراتیژی" لەگەڵ کەماری ئیسلامی دەستپێبکات. هەروەها زێیدی پشتیوانی یەکگرتووی لە "چوارچێوەی هەماهەنگی"وەرگرتووە، کە بلەکی پەرلەمانی لایەنە شیعەکانە و نوێنەرانی هێکخراوە تیرۆریستیە دەستنیشانکراوەکانی ئەمریکا لەخەدگرێت و ئێران پشتیوانییان لەدەکات، وەک عەسائیب ئەهلی حەق، بزوتنەوەی حزبوڵای نوجەبا و کەتائیبی حزبوڵای عێراق.

ئیدارەی ترەمپ فشار دەخاتە سەر عێراق بۆئەوەی لە پشینەی کارەکانی چەکداماێینی میلیشیاکانی سەر بە ئێران بێت، لە هەمانکاتدا تاران چالاکانە بەرەنگاری دەبێتەوە، هەر لەوبارێوە سبارێت بە پرسی چەکداماێینی میلیشیاکان هەشداریانداێ گروپەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی لەبەرامبەر پێستە حکومیێکاندا ئاگاداری پشنیارەکانی ئەمریکا بن، هەروەها ئەو دەزگایانەی لایەنە شیعەکان

تیا باادەستن و دەستاتی بە کوتلەکانی هێزکانی حەشدی شەعبی داوە، داوایان لێکردون وەڵامی هێرشکانی ئەمریکا بدەنەوە.
تاران جەش و خرۆشکی کەمتر لە واشنتۆن بە سەرکۆزیرانی ئێستای عێراق نیشان نادات، ئەمەش ئاماژەیە بە ئاوەی دەخی ئێستای بەغدا کە میلیشیاکان بەسەریدا زاڵن، ئێستەم و بواری گەرین نادات.
لە کاتێکدا دامایینی چەک پەژیەکی درێژخایەنە لەعێراقدا و ئاگاری جەبەجەبوونی زەحمەتە، بەیە کەمترین مەرج لەئێستادا بە زەیدی ئاوەیە کە داوا لەم گروپە میلیشیایانە بکات، هێرشیان بە سەر دەوڵەتانی کەندا و کارمەندانی ئەمریکی و لایەنە کوردیەکانی عێراق و ئیسرائیل ڕابگرن و ئاوکارانە دوبارە نەکەنەوە.!
وەستانی شەڕی ئەمریکا و ئێران، دەرچونی ئێران بەجارێک لە سەرکەوتن، ئاگاری ئاوەش هەیە بەڵتە هەی ئازادکردنی ملیارەها دۆلار لە سەروەت و سامانی بەستووی تاران، کە بە ئاگارێکی زۆرەوە گەشەیەکی زیاتر بەم میلیشیایانە دەدات و هەوەشاندنەویان قورستر دەکات. بەڵام ئاگار زەیدی نەتوانێت کەمترین هۆشوەن بە سنووردارکردنی میلیشیان بگرێتەبەر، ئاوا بە ناچاری ئەم گروپانە زیانێکی گەورە بە پەیوەندیەکانی بەغدا لەگەڵ واشنتۆن و دەوڵەتکانی گەنداو دەگەیەنن و هەگبر دەبن لە گەشەسەندنی ئابوری عێراق. دەبنە هەی لەدانی سەربازیی دەرکی زیاتر لەسەر خاکی عێراق، لەهەمانکاتدا تاقانچێتی و گەندەڵی پارەزراو دەبێت، گەر زەیدی چەندین هاوی هەڵمەتی دژ گەندەڵی پەیڕەوی بکات.
تا ئێستا زەیدی لە کەی ٢٣ پەستی وەزاری تەنها ١٤ پەستی پکردەتەوە و وەزارەتە گرنگ و هەستیارکانی وەک بەرگری و ناوخۆ بە بەتاڵی ماوەتەوە. واشنتۆن و تاران بە وردی چاودێری ئەم دامەزراندنانە دەکەن بەهەی ئاگاری کاریگەریە سیاسیەکانیانەوە. لەهەمانکاتدا بەدوای ڕاگەیاندنی حکومەتی بەغدا بە ناتەواوی، زەیدی دوو کاری خستە بەردەم جەبەجکردنەوە، یەکەم سنوردارکردنی هێزی چەکداری لەدەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەتدا، واتە دەستکردن بە پرۆسەی هەوەشانەوەی هێزکانی حەشدی شەعبی. دووەم بەرەنگاربونەوەو هێرش کردنە سەر گەندەکاران و دادگایی کردنیان. هەبەتە لەسەرەتا ئاوە نیشانەدرا و کرایە ئاولەویەت، کە سنوردارکردنی هێزی چەکدارانی سەربەخۆیە، بەڵام لەباری عەمەلیەوە بەی دەرکەوت، کەشەو ناکۆکیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و فشار و کەشمەکەشی نێوان لایەنکانی دەسەڵاتدارن لە عێراقدا، ڕەگەی پێنادات کارێکی لەوچەشنە ئەنجام بدات، بەیە زەیدی بەخرایی کەوتەبەر ڕاگەیاندنی هەڵمەتی دژی گەندەڵی.
ئاوەی لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٦دا شاهیدی هەڵمەتکە بوین، تەنیا

ەوداوەکی سەرپێیی نەبو، شەپۆلی دەستگیرکردنەکان کە سیاسەتمەداران و پارلەمانتار وبەرپرسانی کردە ئامانج، لە چوارچێوەی ئەوەی حکومەتی عێراق هەمەتی دژە گەندەڵی ڕاگەیاندووە، پرسیارێکی لەناو و ژمارەی دەستگیرکراوەکان وروژاند، ئایا ئەمە شاهیدی دەستپێکی چاکسازیی دامەزراوەیی ڕاستەقینەین، یان ساتێکی سیاسیە کە دەسەڵات لەناو دەوڵەتدا لەژێر ئاڵای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا دەیەوێت نمایشێک بکات.؟

کاتێک عێراق بە دەسەڵاتی تایفەگەری و بنەماڵەیی و گەندەڵی و میلیشیایی و تێکەڵبونی پارە بە پەستی سیاسی حزبیەوە بەستراوە، گومانی تیا نیە کە پێویستی بە ڕووبونەوەیەکی جددی و شۆرشێک هەیە لەبەرامبەر دەسەڵات و گەندەڵکاران و گونجاندنی لە سیستمی حوکمرانیەکی نوێدا، کە بتوانێت شەفافیەتی داهات و خەرجی بەرجەستە و جێگیرکات. ئەزمونەکانی ئەم دواییە ئەوە دەردەخەن کە جدیەتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی تەنها بە ژمارەی دەستگیرکردنەکان ناپورێت، بەڵکو بە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسیسەکە و پلەی شەفافیەت و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و ئەو پایەیەی حکومەتی لەسەر ڕاگیراوە، ئایا هەمەتەکە هەمان پێوەر بە هەمووان جێبەجێ دەکات یان دەبێتە ئامرازێک تەنها بە لاوازکردنی هەندێک لە نەیاران و بەهێزکردنی ئەوانی دیکە.!؟

گەندەڵی و تاڵانچێتی لە عێراق و کوردستاندا ڕەگی لە پەیوەندیە کەمایەتیەکاندا داکوتاوە و بۆتە دیاردەیەکی کەمایەتی بەرفراوان، کە چاندنی نەمامی گەندەڵی، چەنیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی تائیفی و بنەماڵەیی و دەسەڵاتی حزبی میلیشیایە کە تەوەکەی ڕشتووە. سادەترین بیرکردنەوە ئەوەیە کەهیچ کەس لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا دڵشدانەماوە، کە بپرسین ئایا گەندەڵی هەیە؟، چونکە گەندەڵی لە عێراق و کورستاندا ناسراوە و بۆتە دیاردەیەکی ڕۆشن و نەشاراوە، لەبەر چاو و هەستی هەموکەسێکدا مەرانەیەکی ڕچووە لە قوڵایدا. بەیە پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی چۆن بەڕێوەدەچێت؟ ئایا بەڕێگەکان ئاشکرا دەکرێن؟ ئایا لێکۆڵینەوە و دادگایکردنەکان ئاشکرا و کراوە دەبن بە ڕای گشتی؟ ئایا پرسەی یاسایی ئەم هەمەتە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە، یان سنووردار دەبێت بە نەیارانی سیاسی یان تێڕ تایبەتەکان.؟

هەمەتی دژی گەندەڵی بە ژمارەی دەستگیرکردنەکان ناپورێت، بەڵکو بە توانای دروستکردنی متمانەی نوێ لەنێوان دەوڵەت و کەمەڵگادا دەپورێت. خەڵکی تەنیا پێویستیان بە بینینی کەسانی گەندەڵ لە پشت مەزی دادگاوە نییە، بەڵکو پێویستیان بە بینینی دەسەڵاتی دادگاو دادوەری سەربەخۆیە، گرتنبەری ڕێکارە ڕوونەکان و بەڵگەی بەردەست

و ئاشکرا و دادگاییکردنی دادپەروەرانەی تاوانباران، شەفافیەت لەردا وردەکارییەکی یاسایی نییە، بەڵکو پشمەرجێکی بنەڕەتییە بۆ گەیاندنەوەی متمانە، ئەم متمانەیە حکومەتی بەغداو هەرێم ناتوانن پەیرەوی لە بکەن، چونکە خەیان سەری مارەکەن و وەستا و مامۆستای گەندەڵکارانن.
ئایا شەڕی گەندەڵی دەبێتە سەرەتای چاکسازی دەوڵەت، یان تەنها دەرفەتێکی دیکە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دەسکەوتە فراهەم دەکات؟ وەڵامەکە لە ڕاستیدا دەستگیرکردندا ئاشکرا نابێت، بەڵکو لە هەڵوێستی دادگا، لە شەوازی خستنەڕووی بەڵگەکان و لە توانای حکومەت بۆ ئەوەی خەڵک قەناعەت پێبکات کە یاسا لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە نەک تەنها کەسانی لاواز لەبەرامبەر دەسەڵات و لایەنە بەهێزەکاندا.
لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراقیان کردە ئامانج وێرانیان کرد، جگە لە وەزارەتی نەوت، کەس نەیدەتوانی خەیاڵی ئەوە بکات کە دواتر ببێتە گەورەترین و چەسپاوترین دامەزراوەی حکومی بە دزی و تاڵانی و گەندەڵی. ئەم گەندەڵیە لە بەشایيدا ڕووی نەداوە، لەشڕی کەنداوی یەکەمی ١٩٩١ و داگیرکردنی عێراق پێش٢٣ ساڵ، گەورەترین کردەوەی تاڵانکارییەکی بەوننەیە کە لە مێژودا ڕویدابێت و دژی دانیشتوانەکەی ئەنجام درابێت.
گەر ئەم هەمەتەی زەیدی کە ئاڵای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی بەرزکردەوە، گورزەکەش بوشنەت، بەڵام لەکۆتایدا ڕکخسنەوەی هەمان ئەو دەسەڵاتدارانەیە کە ڕەگی بنەمای ئەو گەندەڵکارین. بەیە هەمەتی دژی گەندەڵی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی لە عێراق و کوردستاندا، دەتوانی کۆتایی دەسەڵاتی تائیفی و بنەماڵەیی و هەزی میلیشیایی سەرتاکەی بێت.

عوسمانی حاجی مارف

ئازار و شادی.. شیعری شۆرش عەزیز سورمێ

ئازار بێ هەواشی دەگات،
وەک ئەوارێک

نایەوێت کۆتایی پێبێت،
دەنیوشت لە دڵدا
ئەو شتانەی لەدەستچوون
بە دەنگەکی نەرمەوە
بیرمان دەخاتەوە.
خۆشی
بەرامبەرتیشکەکەی تووند،
وەک دڕگایەک لەناکاو دەکرێتەوە،
زەردەخەنەیەک،
لە ناو تاریکییەوە
سەرهەڵدەدات
تەنانەت کاتێک هیچ هۆکارێک نییە.
هەردووکیان پێکەوە دەژین ،
دوو دەست لە تاریکییەوە
بە دوای یەکدا دەگەڕێن،
دوو ڕێگا دوای گۆشتەکی درێژ
لە کۆتاییدا یەکتر دەبینن.
ئازار فێری مانەوەمان دەکات،
خۆشی فێری فڕین.
ئەمەش ئەو خاڵەیە
هەردووکیان لە باوەش دەگرن،
ناسکین، بەهێزین،
لە نێوان شکست و دروستبووندا.
هەر فرمێسکێک
پریشکەکی خۆفی تێدایە،
هەر زەردەخەنەیەک
یادەوەری بریندێک لە دڵدا هەڵدەگرێت.
بەم شێوەیە دەڕۆین،
لە نێوان ئەوەی ئازاری دەدات
ئەوەی ڕزگاری دەکات،
لە نێوان قورسایی ژیاندا و سەرسوڕمانەکەی.

شورش عەزیز سورمە

سوکایەتی و هەراسانکردن و دەستدرێژی سێکسی بەسەر ژنان دەبێت ڕابگیرێت!.. نوری بەشیر

کێیسی ریسوابووندکەی عبدولەتیف کەسایەتی ئیسلامی و سەرکی سەلەفییەکان لە دەستدرێژی سێکسی بەسەر کچانی زانکەی سلەمانی، لەئاستێکی فراواندا دەنگی داوەتەوە. سەرەڕای بەیاری وەزارەتی خوێندنی بالا بە دوورخستنەوەی لە ناوەندی زانکۆ و ئاکادیمی، هاوکات کێیسەکەی هەواڵەکەی ددانگاش کراوە. هەبەتە ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام کافی نیە.

بە یەکجارە لە ماوەی دەسەاتی ٣٥ ساڵەی حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردا، کەمتەرخەمی بەمشێوەیە بەدژی هەرشی سێکسی بەسەر ژنان دەتەدەنگ. لەو ماوەیەدا حزبەکانی کوردایەتی نەک تەنها دەرگای کەمتەرخەمیان بە ئیسلامی سیاسی ئاوەاڵکردووە، نەک هەر هەزارەها مزگەوت و وەزارەتی ئەوقاف و دەیان تەلەفزیۆنیان خستەتە خزمەتی حزبە ئیسلامیەکان و مەلاو کەسایەتیە ئیسلامیەکان و پارێی خەیاڵیان بە هەڵەشتوون، کە ڕۆژانە ژەهر بەووی کەمتەرخەمیگاو بەتایبەتی ژنانداهەڵەدەژن، بەڵکو ئەم حزبانەی کوردایەتی زێر جار کارنامەی خەیان لەو ئیسلامە سیاسیانە باشتر پیادە دەکەن و کەشمەکەشیانە لەکردنەوەی زۆرترین مزگەوت و گەورەترین مزگەوت لەسەر ئاستی دنیادا، بە بەرگری لە فەرهەنگی دواکەوتوو نەریتە کۆنەپەرست و دژە ژنەکان.

لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا لەئاکامی دەستگرتن بەو سونەت و فەرهەنگە دواکەوتوییەی کوردایەتی و ئیسلامیەوە، دەیان هەزار ژن بوونەتە قوربانی و بەردەوام ژنانیان لەئاستی ئاژەڵدا داناوە و ڕۆژانە نەک لەدەمی ناسراوترین ئەو کەسایەتیە ئیسلامی و زۆرێک لەسەران و کاربەدەستانی ناسیونالیزمەوە ڕاگەیەنراوە، بەڵکو خودی سەرانی حزبەکانی کوردایەتی ژنانیان وەک سەرچاوەیەکی سێکس و منداڵ خستنەوەو بەخۆوکردنی منداڵ و لەزەتی پیاوان داناوەو ماماڵەیان کردوون. کەسێک ناتوانێت لەکارنامەی دژی ژن بوونی ئەمانەدا ئینکاری بکات. ئەمانە هیچ کات ئامادە نەبوون قوربانی بەو فەرهەنگ و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیە دواکەوتوانەیە بدەن، بەڵکو بەردەوام قوربانیان داوە بە دەیان هەزار ژن و کچی منداڵ، هەر لە: سوکایەتی پێکردن، چەند ژنە، لەدان، تەزاب پێداکردن، لوت و گوێ

بەین، تاکو دەگاتە سوتاندن و تیرۆرکردنیان، گۆستانی ژنانی بەناونیشان ئەو راستیە نیشان دەدات.
بەڵام کەیسی ئەمجاریی عبدولەتیف سەلەفی، کە بەهەمانشێوە قوربانیەکانی کچانەکی زانکۆن، بەهۆی ناڕازایەتیەکی ریزی سەدان هەزار کەسی یەکسانیخواز، مرۆڤدۆست، ئازادیخواز لەئاستی کوردستان و دەرەوەدا، لەگەڵ هەوڵی جەراوجەر بۆ بەڵایەدابردنی، نەتوانرا وەک ئەوانەی سالانەکی پێشوو تاوانبارانی سەکسی سەربەرز دەرچن و بەتاوان ریسوا بکرێت و ببێتە قوربانی. ئەمجارە سەرەکی سەلەفیەکان کە بەووە نەوستاوە سێ ژنی لەپاڵ یەکتردا ریزکردوە، بەڵکو چەندین کچی گەنجی زانکۆی هەڵخەڵەتاندووە، وە سودی لەجێگاو رێگاو پلەی ئایینی و زانکۆیی وەرگرتووە، بە مەرامی چەپڵەی خەڵکی، رووبەووی سزادانی ئیداری بووەو لە زانکۆ دەرکراو ئەگەری ئەوەش هەیە کە دادگایی بکرێت و سزای زیندانی بەسەردا بسەپێنرێت!
کەیسی ئابووچونی سەرەکی سەلەفیەکان، تەنیا ئابووچوونی سەلەفیەکان و عبدولەتیف نیە، کەیسی ئابووچوونی هەموو ئەو مەلاو ئیسلامیانەیە کە لەگەڵ تەمانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردا، هاوبەشن لە بەقوربانیکردنی نیوەی کۆمەڵگا کە ژنانن، کەیسی ریسواکردنی هەموو ئەو هەزو لایەنانەیە کە بە سەلەفی و غەیرە سەلەفی ئیسلامیەوە دیانەوێت پەردەپۆشی ئەم ئابووچوونە بکەن، کەیسی ریسوابوونی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردە کە پشت و پەنای ئەو دژە ژنانە بوون لەماوەی سالانی رابردووداً.
کەیسی عبدولەتیفی ئیسلامی سەلەفی، کۆمەڵگای دابەشکردووە، لەنێوان کۆمایەتیەکی دواکەوتووی کۆمەڵگا لە کەسانێك کە بەرگری لە کەنەپەرستی و سێ و چوار ژنە دەکەن، یاخود دیانەوێ ئیسلام و سونتەکانی لەو فەسادخانەیەی لەتیف سەلەفی پاکانە بکەن، لەپاڵ ئەو بەرپرسانەی کوردایەتیدا کە بەرژەوەندیان لە هەشتنەوەی دواکەوتوویی و یاساو نەریتە کەنەپەرستەکاندا هەیە بە ڕاگرتنی پایەی دەسەڵاتی تاڵانچێتی و بەرژوایینەی خێیان لەگەڵ ریزی ملیۆنی خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە ژنان و پیاوان بەدژی نەک تەنیا کەیسی ئابووچوونی سەرەکی سەلەفیەکان، بەڵکو هەموو ئەوانەی کە هەوڵدەدەن سوکایەتی و دەستدرێژی سەکسی بەسەر ژنان بکەنە ڕەسمی و ئاسایی لە کۆمەڵگادا.
هەربۆیە دەبێت پرسەی دادگایکردنی سەرەکی ئیسلامیە سەلەفیەکان لەکوردستاندا بە ئەنجامی خۆی بگەیەنرێت و سزای یاسایی بدرێت، هەموو جەرە هەوڵێك بە رزگارکردنی ئەم کەسە کە بە بڕیاری جەراوجەر بەسەریدا سەپاوە، ڕێگای لێبگیرێت. سزادانی سەرەکی سەلەفیەکان دڵگایەکە بە سزادان و چاوترساندنی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دژی

ماف و ئازادیەکانی ژنان دەوستنەوە بەرگری لە کۆنەپەرستی دەکەن.

دەنگێک لەدژەوەی بازنەی دەستکوتەکان.. ستار ئەحمەد

کاتێک مرۆڤ لەبەردەم هاوکێشە ئاڵۆز، شێواو و قەیرناویەکانی دۆخی ئەمڕماندا ڕادەوستێت و بە چاوێکی تیژ، سەربڕخ و ڕەخنەگرانەوە سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، ناتوانێت چاو لەو ڕاستییە تاڵ، ناڕەوا و حاشاهەڵنەگرە بنوقڕێنێت کە کۆمەڵگە لەژێر باری گرانی بەسەروبەرییەکی داڕژراو، گەندەڵییەکی تەکنەر و داووخانێکی بەهایی گەورەدا دەناڵێنێت. ئەو چەمکە ترسناکەی کە وەک هاوارێکی نەیار بەرامبەر بەم دۆخە باوە دەردەکەوێت، تەنیا دەربڕینێکی ڕەوانبێژی یان وێناکردنێکی وێژەیی نییە بۆ ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان، بەڵکوو دەستنیشانکردنی ڕاستەوخۆی بابەتێکی کوشندە، درێژخایەنە کە جێستەی نیشتمان و مرۆڤی ئەم خاکەی پێکراوە و تەواوی کایەکانی ژیانی شێواندووە. یاسا کاتێک بەها، قورسایی، پیرۆزی و سەروەریی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە کەرەستەیەکی لاستیکی و ئامرازێکی دەستەمۆ لەژێر دەستی بەرژەوەندیخواز، دەسەڵاتدار و بازرگانانی ئامیاریدا، دەرگای پاشاگەردانی و بەدبەختییەکی وا دەکرێتەوە کە تێیدا هەموو بنەما ئاکاری، نەتەوەیی و مرۆییەکان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و ئاوەژوو دەبنەوە. ئەم بێیاساییە وەک خەنجەرێکی تیژ و ژەهراوی وایە کە لەناو کاوەژنە و کالانی بەرەبایەکی کارگەی و ئامیاریی ڕەهادا دەستی کراوەیە بۆ بینی دەماری زیندووی کۆمەڵگە، بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی دەستووری، مەڵاڵی، ئاینی یان هەزێکی ڕادەستکەری ڕاستەقینە هەبێت کە بتوانێت سنوورێک بۆ ئەم سەرکێشییە خوێناوییە دابنێت و ڕێگری لەو داووخانە خرایە بکات کە هەڕەشە لە مانەوەی شوناسی ئەمە دەکات.

ئەمڕۆ ژیانی گشتی و تایبەتی هاوڵاتیان، بە شێوەیەکی گشتی و بەبەرچاوترین کەوتووتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ و نەرێنی ئەو گۆڕاوە ئامیاری و کارگێڕییەی کە تەواوی کایەی گشتی شارەکانمان و ناوەندە بچووکەکانی تێنیوە. کاتێک جەستەی لایەنگرییەکان

لە ململانێیەکی بەردەوامی بۆئەنجام و بەرژەوەندی خوازانەدا بن و یاسا نەبەتە مەرجەعی کۆتایی و هەها بە یەکلاییکردنەوەی ماف و ئەرکەکان، ئەوا تاکی ماندوو، بەبەش و چەوساوەی کەمەگە دەبەتە یەکەم و کۆتا قوربانیی ئەم گەمە نادروست و نادادپەروەرە. لە لایەکەوە بەکاریی کوشندە و نەبوونی دەرفەتی یەکسانی کار و بەبەشبوونی گەنجان لە سادەترین مافی بژێوی و شایستەیی دارایی، و لە لایەکی تریشەوە دزەکردنی دیاردە نامۆ، نزم، بازرگانی و قەزەمەکان بە ناو قووڵایی شارەکان، شکڵی گەنجان و خەڵکی هەسەنی ئەم خاکەی خستووەتە بەردەم مەترسییەکی پشینەبڕ و داووخانی نەرێنیەوە. مرۆڤی نیشتمانپەروەر، هەسەن و خاوەن هەوەست کاتێک بە چاوی خۆی دەبینێت سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی وەاتەکەی دەبەتە مایەی خۆشگوزەرانی، ئارەزوو سازی و هەبواردنی بەسەروچاو بە ئەوانەی هیچ خەم، ئازار و قوربانییەکی ئەم خاکیان لە کۆڵ نەناوە و لە هەبردووەدا نەیار و داگیرکەر بوون، و لە بەرامبەردا هەەەی نیشتمان و خاوەن خاک لە سادەترین مافەکانی وەک موچە و دەنیایی کەمەەایەتی بەبەش دەکرێن و ناچاری نزمترین ئاستی کارکردن و ژیانی کوەەمەرگین، تا ببنە پاسەوان و خزمەتکاری بەردەرگاکان، هەستی نامۆیی، سووکایەتی و چەوسانەوەیەکی کوژەر و بەدەنگ لە ناخیاندا گەشە دەکەن. ئەمە هەەک دەرەنجامی ئەو خەنجەرە بەبەزەییەیە کە لە پشتی دادپەروەری کەمەەایەتی دراوە و کایەیەکی وای ئەفراندووە کە تەیدا سووکایەتی بە ئابەوو دەکرێت و بەها بەرزەکان دەکرێنە قوربانی پایە داریی و ئارەزووە کاتییەکان.

لەرەوەیە کە گرنگیی بوونی دەنگەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی بازنەی دەستکەوتەکان دەردەکەوێت؛ دەنگەک کە پەناسەی هاستەقینەی کوردبوونی هەسەن و ویژدانی زوەاڵی خەڵکی فەرامۆشکراوە. کاتێک نووسەرێک یان هووناکبیرێک بە بە هیچ موچەیەک، بەبە هیچ بەخششکی لایەنداری و دەسەاتێک، و تەنانەت بەبە هیچ هاوکارییەکی چاودێری کەمەەایەتی لەسەر ئەم زەویە، دەست دەداتە پەنووسەکەی و لە کاوەژنەی خەمخرییەکی پەتیەوە بە خاک و بەهای میللەتەکەی دەنووسێت، وشەکانی دەبنە دەنگی هاستەقینەی خەڵکی هەش و هووت و ستەملێکراو، نەک هاوکاری دەسەات. کاتێک مرۆڤ بەو هەموو بەبەشییەوە هەشتا خەمی بەها، سەرەتا هەوشتییەکان و پاراستنی شکڵی کەمەگەکەی بێت و لە ئازاری سەختی نیشتمانەکەی تێبگات، وشەکانی نابنە تەنیا مەرەکەبکی وشک لەسەر کاغەز، بەکوو دەبنە هاواری ویژدانێکی زیندووی نەتەوەیی کە بە هیچ سەروەت و سامانێک پاشەکشە ناکات. ئەم دەنگە پاک و ئازادە، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی بازنەی سوود و قازانجی مادی و پەستی هامیارییەوە دەدوێت، زەر باشتر و

ڕاستگۆیانەتر دەتوانێت گوزارشت لە هەستیارێتیی ئەم خاکە و ئازارە بەسوکانی خەڵکە هەژار و ووتەکەی بکات، چونکە هیچی نییە بیدەنگبێت و هیچی لە دەستاچێداران ناوێت، جگە لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ هەموان.
شارەکانمان، کە هەژارێک لە هەژاران مەبەندی هەستیارێتی، قوربانیدان، پاراستنی شەرم و ئابووری مرۆیی بوون، ئێستا لژێر ناوی مۆدێرنیتەی ساختە، کرانەوەی بۆ سەروچاو و گۆشتیاریی ناهەکخراو و تەکنەردا، دەستکاریییەکی شێوەنەراوی شوناسە هەوشتی و نەتەوەییەکیان دەکرێت و دەخرێنە خزمەت ئابووریییەکی پووچەوە. بازاڕی ئازاد و وەبەرهێنان نابێت بە هیچ شێوەیەک ببێتە هۆکار، پاساو و کارێستێیەک بۆ سووک کردنی شکۆی مرۆڤی کورد یان گۆڕینی شارە دێرینەکانمان بۆ ناوەندی کات بەسەربردنکی بەهەوشتانە و بازرگانی بۆ بۆهاکانەوە، بەهام کاتێک بەرهەمهێنایی بەهەوبردن و ئاکاری دەبێتە یاسای باڵا و جەوی کاروبارەکان دەگرێتە دەست، هەموو شتێک بۆ شکۆ و مەزووشەوە دەبێتە کاڵایەکی بازرگانیی شایانی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی هەشی بەرژەوەندییەکاندا. ئەو تووڕەیی، بێزاری و ڕقە پیرۆزەی کە لە دەربڕینی خەڵکی شەقام و هەشنبیرە خەمخۆرەکاندا دەبینرێت، هاواری نەویەکە کە نایەوێت بەوە رازی بێت ، بەبێنەت نیشتمانەکەی لەبەردەم پیلانی مادی و ئارەزووە کاتییەکانی نامەکاندا بەدەنگ، دەست بەستراو و بەدەستەات بێت. نادادی کاتێک دەگاتە ئاستی بەشەرمی و شانازی پەوکردن، و کاتێک حوکمەانی لە بنەما سەرەکییەکانی پاکی، دادپەروەری و پاراستنی هاوڵاتی دادەماڕێت، تاکی کەمەگە تووشی جەرەک لە نامەبوونی توند هەویی و دابڕانی دەروونی دەبێت بەرامبەر بە دەستەات و دامەزراوە فەرمییەکان، ئەمەش سەرەتای دروستبوونی درزێکی قوواە لە نێوان خەڵک و پێکهاتەی بەهەوبردندا.
ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵەوە چەوت و لاییە مەژووییە تەنیا بە گۆڕینی هەوکەشی دروشمە ڕامیارییەکان، یاری گۆکەی پەستەکان یان پەوپاگەندەی میدیایی بریقەدار و ساختە ناکرێت، بەکو پەویستی بە گۆڕانەوییکی ڕاستقینە، بوێر و شەشگەرانە هەیە بە چەمکی یاسای سەروەر؛ کە هیچ جیاوازییەک نەکات لە نێوان چین و توێژکاندا، سزای تاوانباران و گەندەکاران بدات و نرخی مرۆڤ بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی مادی، حیزبی و ڕامیارییەوە. تا ئەو کاتەی خەنجەری بەیاسایی لە کالانی ئەم بەرهەمایە ئیداری و هەفتاریێدا ئازاد، بەکەت و دەستوور بێت، ناتوانرێت بە چاوکی گەش و دڵنیاییەوە باس لە بنیاتنانی کەمەگەیکی تەندروست، ئابووریکی نیشتمانیی سەقامگیر و ئاسایشکی ڕاستقینەی درێژخایەن بۆ

نەوکانی داهاتوو بکرێت. مێژووی گەلان سەلماندوویەتی کە ستەم، نادادی و سووک کردنی شکۆ پچڕانیی نێتەوەیی سوتووی بەر هێشەبای لەناکاون، ئەنجام لەبەردەم هاواری هێوا، پەداگریی ویژدانی و هاپەیینی هەشیارانەی خەڵکی خەمخەر و نیشتمان پەروەردا تێکدەشکێن و هەڵدەوەشێنەوە، چونکە هیچ دەسەاتێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەبێ بنەمایەکی هێوشتی پتەو و بەدیهێنانی دادی کۆمەایەتی هاستەقینە، ناتوانێت بە هەمیشە بەردەوام بێت و متمانەی گەلەکەی بپارێزێت؛ ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا دەنگی هاستەقینەی دەروەی بازنەی دەستکەوتکانە کە مێژووی هاستەقینە دەنوسێتەوە.

ستار ئەحمەد